# کە بوویتە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیا، دەبیتە ڕۆبۆت

**ئەمجەد شاکەلی**

شێخ زانا، دلێر(دانا)، یەعقووب(جووتیار)، ئەژی، بورهان، کارزان، سەرباز، وەستا فاریق، کارۆخ، هەڤاڵ(سۆران)، مەریوان، موحسین(هیمداد، هۆزان)، فاخیر، حاجی سالّح، بەهرەم، مەلا عومەر، عەبدولحەمید، عەبدوللەتیف، سالار، موحەممەد عەلی، عەبدوڕەحمان، شەمسەددین، سوفیان، عوسمان، کۆمەڵێک گیانلەبەرن لە شێوەی زەلامدا، کە وەک مرۆڤەکانی دیکەی ئەم جیهانە، ئەوانیش چاو و دەم و زمان و پرچ و گوێ و کەپوو و دەست و پەنجەیان هەیە و قسانیش دەکەن. ماوەی چەند ڕۆژێکە، ئەو بەنێو مرۆڤانە، میوانێکی ڕەزاگرانی، پێموایە، هەموو ماڵە کوردێکی ئەم جیهانەن، دیارە ئەوانەی تەلەڤزیۆن و سەتەلایتیان هەیە. ئەمانە بە ڕواڵەت مرۆڤن، لێ بە هیچ جۆرێک پێوەندیان بە مرۆڤەوە نییە و دڕندەگەلێکی خوێنخۆر و مرۆڤکوژ و هۆڤ و پارچەیەک بۆگەنی و پیسی و پەتا و دەرد و بەڵان. ئەمانە بێجگە لە کوشتن و لەتلەتکردنی مرۆڤ و هاووڵاتی خۆیان، بۆ خۆیان و لەگەڵ خۆیاندا یەکدییان گاوە و نێربازییان کردووە و سێکسیشیان لەگەڵ کچان کردووە و کوڕانیان زۆرگێ کردووە و بیرە و مەی و عەرەقیشیان نۆش کردووە. تەواوی ئەو کارانەشیان بۆ خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە و "لە پێناوی خودا و پەیامبەری خودا و شەریعەتی خودا و ئیسلامدا" وەک خۆیان دەیگێڕنەوە، ئەنجامیان داوە. لە پێناوی خزمەتکردن بە ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕەکەی خۆیان، لە هیچ کارێکی ناڕەوا و نامرۆڤانە و دڕندانە نەسڵەمینەتەوە. دەیان کەسیی بێتاوانیان خوێنساردانە سەربڕیوە و پارچەپارچە کردووە و سەریان لە جێیەک و لاشەکانیان لە جێیەکی دیکە شاردووەتەوە. هەندێک لەمانە هاتوچۆی مزگەوتی ماجیدی هەولێریان کردووە و گوێیان لە گوتاری مەلا ئەمین ناوێک گرتووە، کە بیری مرۆڤکوژی و ڕق و قین و وێرانکاریی بڵاوکردووەتەوە و کاریگەریی ئەویان لە سەر بووە و هەندێکیشیان هاتوچۆی مزگەوتی عەبدولغەنییان کردووە. ئەمانە خۆیان بە خوێندن و فێربوونی قورئان و زانستی ئیسلامی و زمانی عەرەبی و فێربوونی کتێبی ئایینییەوە خەریک کردووە و فێربوونی شۆفێری و مەشقکردن لە سەر چەک و تەقەکردن و کوشتن و سەربڕینی مرۆڤ و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی هەمەجۆردا و خۆشاردنەوە لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا و خەریکبوون بە خواردنەوە و نێربازی و مێبازی و قوماریشەوە شێوەی ژیان و نەخشەی ڕۆژانە و

ڕەوشت و شێوەی گوزەران و هەلسوکەوتیان بووە. بەشێکی زۆری ئەمانە ئەندازیار و دەرچووی زانستگە و خەڵکی خوێندوون. هەندێکیان پێوەندیان بە دەسگای ئاساییشەوە هەبووە و لە نێو ئەو دەسگایەدا کاریان کردووە و هەندێکیشیان پۆلیس بوونە. لە نێوان هەولێر و کەڵەک و مووسڵ و بیارەدا زۆرجاران هاتوچۆیان کردووە. ئێمە ئەگەر بڕیار وابێت ئەمانە وەک دیاردەیەک بخوێنینەوە، هەرگیز ناتوانین هەروا بە جیا لە دیاردەکانی دیکە و جیا لە جڤاکی کورد بیانخوێنینەوە. ئەمانە لە ئاسمانەوە دانەبەزیونە کوردستان و هەروا و لەخۆڕا لەو دەڤەرە قوت نەبوونەتەوە. ئەمانە منداڵانگەلێکی لاساری جڤاکی کوردن و وەک سنن و مرۆر، تۆوێکی بێژووی خاکی کوردستانن، بەڵام ئایا هەروا دابڕاو لە دیاردە و شتەکانی دیکە دەخوێنرێنەوە! پێموایە نا، چونکە ئەمانە بە تەنێ نین و هەزارانی وەک ئەوان لە جڤاکی کورددا دەژین. ئەمانە، بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام، دەبێ وەک دیاردە و بیر و ئایدیۆلۆژیا بخوێنرێنەوە و سەرەداوی هۆ و پاڵپێوەنەر و پاشخان و کارێگەرییەکانی، کە لە سەریان بووە بدۆزرێنەوە.

*****

ئێمەزۆرجاران لە پشتی مێژوو و ڕابردووەوە خۆمان مەڵاس دەدەین و مات دەبین و خۆمان حەشار دەدەین و پێمانوایە پاشخانێکی گەلێک ڕەنگین و پاکژمان هەیە و ئیدی ئەوەمان وەک توێشوو بەسە بۆ ئەوەی بگەین بە هەوار و ئارامگە و ئاقارێکی دیکە. ئەگەر لە نێو دێڕەکانی مێژووی ئێمەدا جاروبار خاڵێکی نیمچە ڕووناک سەرەتاتکێمان لەگەڵدا بکات، ئەوا گەرەکە سوپاسگوزار بین، دەنا پڕانی خاڵەکانی مێژووی ئێمەش، وەک زۆرینەی مێژووی مرۆڤایەتی، خەڵتانی خوێنن و ئەگەر وەک سیپاڵێک بیانگوشین، گەماری و چڵک و کێم و بۆگەنییان لێ دەچۆڕێت. مێژووی ئێمەش بەشێکی دانەبڕاوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیی، کە میکائێل باکۆنین وەها پێناسەی دەکات:"مێژووی مرۆڤایەتیی تا ئێستا، تەنێ ڕەوتێکی خێرا و کوشتن و لەتلەتکردنێکی خوێناویی میلیۆنان بوونەوەری مرۆڤی هەژار بووە، لەپێناو یەکێک لە ئابستراکتە بێبەزەییەکانی وەک: خودا، وڵات، دەوڵەت، شەرەفی نەتەوەیی، مافی مێژوویی، مافی قانوونیی و ئازادی سیاسییدا". ئەوەی پێیوابووە و پێیوایە، جڤاکی کورد و وڵاتی کوردستان، جڤاکێکی پاکژ و بێ هەڵە و خودانڕەوشت و پڕئاکار و مرۆڤدۆستە و هەرچی چاکە و باشەیە تێیدایە و کورد فریشتەیە، هەرگیز لە جڤاکی کورد و وڵاتی کوردستان تێنەگەیشتووە و یا خۆی گێل دەکات یا لە گوێی گادا نووستووە. جیاوازییەکی زەقی نێوان جڤاکگەلی ئەورووپا و جڤاکگەلی ئێمە لە کراوەیی ئەوان و داخراویی ئێمەدا دەبینرێنەوە. گەلێک دیاردە لای ئێمە خەڵک بە تابووی دەزانێت لە ئەورووپا بە ئاشکرا باسی لێوە دەکرێت و ڕۆژانە لە هەموو ساتێکی ژیاندا مرۆڤ دەیانبینێت و لەگەڵیاندا دەژی. لە نێوجڤاکی ئێمەش(کورد)دا، لە نێو وڵاتی ئێمەش(کوردستان)دا، تەواوی ئەو دیاردانەی لە کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەم جیهانەدا هەن، لای ئێمەش هەن، لێ جیاوازییەکە ئەوەیە، ئێمە خۆمانیان لە قەرە نادەین و کۆمەڵگە کراوەکان، باسیان لێوە دەکەن و لێیان دەکۆڵنەوە. ئێمە وەک وشترمەل سەرمان لە بنی لمی دەنێین و خۆمانی لێ کەڕ دەکەین. چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە دیاردەی نێربازی، هەتیوبازی، منداڵبازی، بەچەبازی، قووندان، ڕووسپێتی، لەشفرۆشتن، گاندان، قەحبەبازی، زۆرگێی، حیزی، گەووادی، لە وڵاتی

ئێمەدا، نەک هەر هەن، بەڵکە یەکجار زۆر و بەربڵاویشن! چ کوردێک هەیە ناوی سەدان قنگدەر و گاندەر و حیز و گەووادی کورد نەزانێت و هەر هیچ نەبێت چەند دانەیەکیشیان لێ نەناسێت! چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە هێندەی پێوەندی سێکسیی نهێنی نێوان پیاوی ژندار و ژنی مێردردار و کوڕ و کوڕ و پیاوی ژندار و کوڕ و دەیان جۆری دیکە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، لە هیچ جێگەیەکی دیکەی ئەم جیهانەدا نییە! چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە لە بەشە ناوەندییەکانی خوێندنگەکان و سەربازگە و زیندان و ئەو شوێنانەدا، کە تەنێ کوڕی گەنجیی تێدا دەژین، دەیان حیز و قووندەر پەیدا دەبن و ئەوێ ژینگەیەکی لەبارە بۆ نێربازی و لەوێ هەولێری گوتەنی"نێری نێری دەگێ"! چ کوردێک هەیە نێوی شێخی شاعیران، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نەبیستبێت و شیعری ئەوی نەخوێندبێتەوە، کە سەدوئەوەندە ساڵێک پێش ئەمڕۆ باسی دەیان قنگدەر و قنگاییێن و نێربازی کردووە، کە دیارە کۆمەڵگەی کوردی ئەودەمەش لێییان بێبەش نەبووە! چ کوردێک و چ ناکوردێک هەیە نەزانێت، کە دیاردەی نێربازی و قەحبەبازی لە کۆمەڵگە ئایینییە داخراوەکانی وەک عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی کەنداوی عەرەب و ئێران، لە هەموو جێیەکی دیکەی ئەم جیهانە زیاتر و فراوانترە! چ کوردێک نەزانێت، کە هێندەی ڕەدووکەوتن و ژنهەڵگرتن و ژن بەزۆرتەڵاقدان و خواستنی لە لایەن کەسێکی دەسەڵاتدارەوە، لە وڵاتی ئێمەدا ڕوودەدات، لە هیچ جێیەکی ئەم جیهانەدا ڕوو نادات! چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە قومار و پارەبردنەوە و پارەدۆڕاندن لە وڵاتی ئێمەدا نەک هەر هەیە، بەڵکە یەکجار زۆر و بەربڵاویشە! چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە هێندەی عەرەق لە وڵاتی ئێمەدا دەخورێتەوە و هێندەی خواردنەوە لە وڵاتی ئێمەدا سەرف دەبێت و هێندەی پارە بۆ ئەو بەزمە دەڕوات، لە گەورە شارێکی ئەورووپادا ئەوەندە ناخورێتەوە و سەرف ناکرێت! چ کوردێک هەیە نەزانێت، کە هێندەی خەڵک لە وڵاتی ئێمە سەرنگوم دەکرێن و لە هیچ و خۆڕا دەکوژرێن، لە هیچ وڵاتێکی ئەو جیهانەدا ڕوونادات! ئێمە تەواوی ئەو دیاردانە دەبینین و لەگەڵیاندا دەژین و پێیان دەزانین، لێ باسیان لێوە ناکەین و ناوێرین لێیان بکۆڵینەوە و ناوێرین نێویان ببەین. ئەوەی لای ئێمەش ڕوو دەدات، بەشێکی جیانەکراوەیە لە مێژووی ئێمەی گرێدراو بە مێژووی جڤاکەکانی دەوروبەرمانەوە و بە تایبەتیش مێژووی ئیسلام.

*****

ئیسلام لەکن ئێمە بووە بە سەرقاپی مەنجەڵێک و هەموو شتەکانی پەردەپۆش کردووە و کەسیش لەخۆی ڕا نابینێت ئەو سەرقاپە هەڵداتەوە و بنۆڕێتە نێو مەنجەڵەکە بزانی چی تێدایە و هەموو ناواخنەکەی ڕۆکاتە سەر سفرەکە تا هەمووان بیبینن و بۆنی بکەن و بیناسنەوە و باسی لێوە بکەن. ئیسلام لای ئێمە بووە بە چەپەرێک و لە پەنایدا هەزاران دڕندە و خوێڕی و ڕەواندەردەدار، خۆیان مەڵاس داوە و بەنێوییەوە مرۆڤ دەکوژن. ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئایینی ئیسلام، بنەما و ڕەگوڕیشەی تەواوی ئەو کارانەی، کە ئەوڕۆ ئەم دڕندانە ئەنجامی دەدەن و ئەنجامیان داوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبینینەوە. کوشتنی سیاسیی، کاری سیخوڕی، داگیرکردن و بە

حەڵاڵزانینی ماڵی خەڵک[1] و زۆرگێی و قنگدان و گاندان و خواردنەوە و قومار و دزی و چەتەیی و شرەخۆری هەموویان لە هەموو سەردەمەکانی دەسەڵاتی ئیسلامدا هەبوون. ژمارەی قوربانییانێک، کە لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی ئەمەوی و عەبباسییاندا، بەنێوی ئیسلامەوە و لە مێژووی ئیسلامدا لەنێوبراون، پترە لە ژمارەی قوربانییانێک، کە لە مێژووی خاچپەرستان و کەونە مەسیحییاندا و لە مێژووی سەرمایەداریی نوێدا، لەنێو براون. لە سەردەمی ئەمەوییاندا ماڵ و موڵکی گشتی و خەڵک بە هی دەسەڵاتدار دادەنرا و کاری پێ دەکرا. کوشتنی بە هەوەس و هەرلەخۆڕا دەکرا. خواردنەوە و مێبازی و نێربازی و هەموو چێژێکی دیکە، دەسەڵاتداران و دەستوپێوەندەکانیان لێی بەهرەمەند دەبوون. کاروباری خەڵک پشتگوێ دەخرا و ڕەشەخەڵکەکە وەک ئاژەڵیش نەدەمێژمێردران و لێیان دەخوڕا. لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا چەندین کاری کوشتنی سیاسی، بە چەمکی ئەمڕۆیی(تیرۆر)، ئەنجام دراوە. سەرانی جوولەکەکانی دوڕگەی عەرەب، سەرۆکهۆزەکانی دژە ئیسلام، دەکوژران. خودان بیروڕای جیاوازی وەک، ئەلئەسوەد ئەلعەنسی، کە لە سەرانی یاخیبووانی یەمەن بوو لە یەمەن کوژرا. هەوڵی کوشتنی ئەبوو سوفیان درا. سەعد بن عیبادە کوژرا. قڕانی کەربەلا و کوشتنی ئیمام حوسەین وماڵباتی عەلی، کە بۆ خۆیان کرۆکی ئیسلام بوون، ئەنجام درا. عومەری کوڕی خەتتاب و عەلی کوڕی ئەبی تالیب و مالیک ئەلئەشتەر و حەسەنی کوڕی عەلی، هەموویان کوژران. عەبدولڕەحمان بن خالد بن ئەلوەلید و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و ئیدریس بن عەبدوڵڵا و ئەبووسەعید ئەلجەنابی دامەزرینەری بزاڤی قەرمەتی لە دوڕگەی عەرەب و مەعد بن زیادە و نیزامولمولک، ئەمانە هەموو کوژران. ئەبوحەنیفە و ئیمام مووسا ئەلکازیم، ئەلمەئموون، هەرسێیان بە شێوەیەک مردن، کە جێی گومانە. چەندین شێوەی کوشتن و ئەشکەنجە لە ئیسلامدا بەکار براوە، کە بە ڕاستی تەنێ ئاوەز و هزری نەخۆش ڕێی پێ دەبات، دەنا هیچ هۆشیارێک ناتوانێت بیری لێ بکاتەوە. هەڵگرتنی سەری براو، لێدان و دارکاری، لەتلەتکردنی لەش، گۆرینی پێست(کەوڵکردن)، سووتاندن، لەڕۆندا هەڵقرچاندن، پڕکردنی زگی قوربانیی بە مێرووله، تینووکردن، کوشتن بە ئاوی سارد. گۆشتلێکردنەوە و بچڕین و قرتاندنی بەشەکانی لەش، نینۆک هەڵکەندن، بەزۆر گایین. بە قامیش کوشتن و قامیش تێبڕین، دەرکردنی گیان(ڕۆح) لە قنگەوە. برژاندن، دارتێبڕین و پاژکردن. لووتبڕین، چاوهەڵکۆڵین، زمانبڕین. تەواوی ئەوانە نموونەگەلێکی جۆری ئەشکەنجەی نێو ئیسلامن.

*****

کە دەنۆڕینە نەخشەی دابەشبوونی ئەو کوشتن و ئەشکەنجانەی لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە، ئەوەی دەسبەجێ بۆمان ئاشکرا دەبێت و دەکەوێتە بەرچاو ئەوەیە، ئەو کارانە هەرچەندە لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلام، موحەممەد و خەلیفەکانیدا ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان، بە شێوەیەک هەبوونە، وەلێ پتر لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا

[1] ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ ،سورة الانفال، الاية41.
هەژاری موکریانی وەهای کردووەتە کوردی:"دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تالانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خودا و پێغەمبەرە و بۆ خزمان و هوتیوا و هەژاران و ڕێبوارانە"، قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، ناشر تازەنگاه، چاپخانە بزگ قران کرایم، تاران، ئێران.

پەرەیان سەندووە و ئیدی بە دووی ئەوانیشدا عەبباسییانیش درێژەیان پێداون. لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا، جڤاک، لە ڕووی چینایەتییەوە، بوو بە بە دوو کەرتەوە: ئەریستۆکراتی عەرەب و پرۆلیتاریای موسوڵمانانی ناعەرەب "الموالي". بنەمای دژایەتییکردنی ناعەرەبان و چاولێکردنیان وەک زرەموسوڵمان و دژوارییەک لە سەر ئیسلامی عەرەبی، هەر لەودەمییەوە سەری هەڵدا و لە سەردەمی عەبباسییانیشدا گەیشتە دوندی دوژمنایەتیکردنی ناعەرەبان، بە بیانووی گەلپەرستی و گەلێری"الشعوبية" و دژوارییان لە سەر ئیسلام. نەتەوەپەرستیی عەرەب و ئیسلامی سوننە سیمایەکی ڕوون و خویا و بەڵگەنەویستی ئەو فەرمانڕەوایییانەن، کە لە دوای لەنێوبردنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب"علي بن ابي طالب" و کوشتنی حوسەین و قڕکردنی بنەماڵەی عەلییەوە، پەیدابوون و هەبوون و تا ئێستاش درێژەیان هەیە. ئەو ئیسلامە سوننە عەرەبییەی ئێستا، هەر ئەو ئیسلامە ڕەگەزپەرستییە خوێناوییەی ئەمەوییان و عەبباسییانی نەیارانی ناعەرەب و نەیارانی بنەماڵەی عەلییە. ئەو ئیسلامەی، عەرەبی سوننە نوێنەرایەتیی کردووە و دەیکات، هەر ئەو ئیسلامە توندڕۆیەیە، کە ئەوڕۆ هەموو خەڵکێکی دەرەوەی بازنەی خۆیان، بە بێئایین و کافر دادەنات و بە چاوێکی شۆڤینیستانە دەنۆڕێتە هەموو کەسێکی، کە لە خۆیان نییە و کە کوردییش یەک لەوانەیە. کە دەنۆڕینە ئەم ڕەگەزپەرستی و کەسنەخوێندنەوەیەی عەرەب و سوننە، بەرانبەر خەڵکانی دیکە، ڕەگورێشە و بنەماکانی، تەواوی ئەوەی ئێستاکە ڕوودەدات، لەو مێژووە خوێناوییەی ئیسلامی سوننە و عەرەبدا، دەبینینەوە. سادق جەلال ئەلعەزم "صادق جلال العظم" پێیوایە بیرۆکەی کارەسات و تراژیدیا، لە هزری ئیسلامدا بە گشتی و لە هزری ئیسلامی سوننەدا بە تایبەتی، نییە. لەکن شیعە ئەزموونی لێقەومان هەیە(کارەساتی کەربەلا) و لەکن عیساییان کارەساتی لەخاچدانی عیسا و هەڵسانەوەی هەیە، لێ لەکن سوننە شتێکی لەو جۆرە هەر نییە[2]. دیارە نەبوونی ئەو ئەزموونە تراژیدیاییە لەکن عەرەبی موسوڵمانی سوننە، کاریگەرییەکی وای کردووەتە سەریان، کە سادیستانە ڕەوتار لەگەڵ ناعەرەباندا بکەن، چونکە بۆ خۆیان لە ئازار و کاریگەریی و ئاکامە خراپەکانی ئەو کارانەیان تێناگەن. ئەو عەرەبانە و ئەو ناعەرەبانەیشی بە نێوی ئیسلامەوە خەڵک سەردەبڕن و دەکوژن و خۆدەتەقێننەوە، هەموو سروشکیان لەو دیرۆکەوە بۆ دێت و هەموو شانازییەکیان بەو دیرۆکەیە و هەموو پەیامێکیشیان بۆ زیندووڕاگرتنی ئەو دیرۆکەیە. کاتێک مرۆڤ هەستی برکەیی و سەربەبرکەبوون و خۆبەیەکێک لە برکە زانین، لە ناخیدا هاتە جۆش و چاوی سوور بوو و هیچی دیکەی، بێجگە لەو برکەیەی خۆی و لەو ڕەنگەی خۆی و لەو ئایینەی خۆی و لەو زمانەی خۆی و لەو ئاییترایەی خۆی و لەو خێڵەی خۆی و لەو حیزبەی خۆی و لەو ئایدیۆلۆژیایەی خۆی و لەو شارەی خۆی و لەو گەڕەکەی خۆی و لەو دەستەیەی خۆی، نەدی و بەڕاست نەزانی و نەناسی و ددانی پێدا نەنا، ئیدی ئەو دەمە مرۆڤ لە مرۆڤی دەکەوێت و هاوسێی خۆی دەکوژێت و منداڵانی گەڕەکەکەی دەکوژێت و ژنانی هۆزەکەی ئەولای خۆی زەوت دەکات. ئەمەی ئێستا لە عیراق و کوردستان بەرانبەر بە

[2] العظم، صادق جلال، حوار بلا ضفاف، اجرى الحوار صقر ابو فخر، الموسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت، الطبعة الاولى 1998، ص 31.

کورد دەکرێت، ڕێک زاڵبوونی ئەو هەستی برکەییەیە و دەرچوونە لە کەوڵ و پێستی مرۆڤی و بوون و گۆڕانە بە دڕندەیەکی مرۆڤخۆر. کێ نێوی حەججاج کوڕی یووسف ئەلسەقەفی و عەبەیدوڵڵای کوڕی زیاد و یەزیدی کوڕی موعاویەی لە ئیسلامدا نەبیستووە! ئەمانەی ئێستا بە نێوی ئیسلامەوە خەڵک دەگێن و سەردەبڕن و پارچەپارچە دەکەن، بەرۆگرانی یەزید و عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد و شەمر و حەججاجن. ئەم ئیسلامەی ئەوڕۆ لە ئارادایە، ئیسلامی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانییان و ڕێژیمگەلێکی وەک ڕێژیمی سەددام حوسەین و کۆمەڵە ڕێژیمێکی دیکەی بەناو ئیسلامی عەرەب و ڕۆژهەڵاتە. ئەمە ئیسلامێکە بڕوای بە جیاوازیی نییە و پێیوایە و ئەوی وەک وی نوێژ نەکات و وەک وی بە ڕۆژوو نەبێت و وەک وی خوداپەرستی نەکات، پێی کافرە. ئەمە ئیسلامێکیە بڕوای بە تەکفیرە و ئەوەی وەک خۆی نەبێت بە کافری دەزانێت. بەشێکی بنەمای ئەم بیروباوەڕانەش لە تیۆرییە تەکفیرییەکانی ئیبن تەیمییە"ابن تيمية، 1263–1328"ی دژ بە هەموو بۆچوونێکی جیاواز و خوێندنەوەیەکی جیاوازی نێو ئیسلام و نەهێشتنی ئیجتیهاد و داخستنی دەرگا بە ڕوویدا و خوێندنەوەی یەکلایەنە بۆ دیاردە و بۆچوونەکان و دیتن و سەیرکردنی فەرمانڕەوا و دەسەڵات وەک سێبەری خودا لە سەر زەوییوە سەرهەڵدەدات. ئەو هەموو گەندەڵبیرییە ژینگەیەکی پڕ پیتە بۆ بەرهەمهێنای ئەم جۆرە ئیسلامە. ئەمە ئیسلامێکە تەنێ خۆی دەبینێت و بە گوێرەی تیۆری: "من منم تۆ چیت؟"، نەک"من منم تۆ کێیت؟" کار دەکات. ئەمە ئیسلامێکە نێربازی و بەزۆرگایین و دیاردەی حیزی و قنگدان و گاندانی تێدا حەڵاڵ و ڕەوایە. لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانییەکاندا، ئەو کارانە گەلێک بەربڵاو بوونە. خۆ عوسمانییەکان و سوڵتانەکانیان هەزاران مێردمنداڵی لووسکەیان بە خێو کردووە و پێگەیاندووە و لە حەرەمسەراکانی خۆیاندا کاریان پێداون و بۆ خۆیشیان سووک و باریک گاویانن. مەگەر هەر عوسمانییان نەبوون، کە لۆرانسی عەرەبیشیان گا! ئەم ئیسلامەی ئەمان، ئیسلامەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و حەللاج و بیستامی و جونەید و مەولانای ڕوومی و ئیبن عەرەبی و شیرازی نییە. ئەمەی ئەمان ئیسلامی، موعاویە و یەزید و شەمر و عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد و حەججاج و سەددام حوسەینە. ئیسلامی دەسەڵات و کوشتن و حیزکردنی مرۆڤ و ئەنفال و ژاربارانی خەڵک و سووتاندنی منداڵ و ژن و بێتاوانە و ئیسلامێکە وەک شێرپەنجە قڕ دەخاتە مرۆڤ و مرۆڤ بنبڕ دەکات و دەستیش لە هیچ بەها و فەرهەنگ و جوانی و خۆشەویستییەک ناپارێزێت.

*****

هەر ئایین و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیەک، بوو بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران کردیانە ڕێڕۆ و بنگە و بناخەی دەسەڵات، ئیدی دەبێتە قانوونێک بۆ تێڵابەدەستان و شەقوەشێنان و چەوسێنەران. بەو قانوونە و لە سەر بنەمای ئەو ئایین و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیە، مرۆڤی دەرێی دەسەڵات دەکوژرێ، دەگایرێ، تاڵان دەکرێ و هەموو پەتپەتییەکی بەسەردا دەهێنرێ، بێ ئەوەی بتوانێت ماک و ڕەوایەتی و دروستی ئەو قانوونە، ئەو ئایدیۆلۆژیایە، ئەو فەلسەفەیە، ئەو ئایینە بخاتە ژێر پرسیارەوە یا تەنانەت گومانیشی لێ بکات. پێبەندبوونی مرۆڤ و گرێدراویی بە ئایین و ئایدیۆلۆژیاوە و

خۆبەدەستەوەدان بە هەموو شتێکی ئەو ئایین و ئایدیۆلۆژیاوە، دەکاتە دەستبەرداربوون لە ئازادی و ملکەچبوون بۆ چوارچێوەیەک و مێشکدانەدەست کەسێک یا کەسانێکی دیکەوە. مرۆڤ کاتێک ئازادە، کە هیچ چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی، هەر ئایدیۆلۆژییەک، زیندانیی نەکات و هیچ باوەڕ و فەلسەفە و هزرێک، هەر چییەک بێت، قوماتی نەکات و شەتەکی نەدات و نەیبەستێتەوە. کە پێچەوانەکەی لەگۆڕێدا بوو، ئازادی دەمرێت و هزر چەقدەبەستێت و مێشک قورمیش و کڵۆم دەکرێت و کلیلەکەیشی دەدرێتە دەست خودان ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە و هزرەکانەوە. ئایدیۆلۆژیا بۆ خۆی چوارچێوەیەکی ئامادەیە، کە پێیوایە وەرامی هەموو پرسێکی پێیە و چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکات، بەوەش دەبێتە بەستنەوە و لەقاڵبدانی مرۆڤ و تاساندن و خەساندن و لاوازکردن و ڕووتکردنەوەی لە هەموو خواز و ویست و ڕامانێک و دەبێتە دەردەدارکەری مرۆڤ و کوژەری بەرەڵابوون و ڕەهابوونی بیرکردنەوە و هۆشی مرۆڤ. کە وای لێهات ئیدی مرۆڤ لە هۆشیارێکی خاوەن هەست و ئاوەز و توانستەوە دەبێتە ڕۆبۆت.

*****

شێخ زانا و دەستەکەی و ڕێکخراوەکەیشیان، ئەگەر کوردیش بن و بە کوردی بپەیڤن و دانیشتووی کوردستانیش بن، بە هزر و دید و ئایدیۆلۆژیا، گرێدراوی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سوننەی عەرەبی ئەمەوی عەبباسی عوسمانی بەعسی فاشی و درێژەپێدەری ئەو ڕێباز و فەلسەفانەن و بێجگە لە چەند خوێنڕێژ و مرۆڤکوژ و سادیستێک زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن لە ڕەگوڕیشەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی یەزید و شەمر و ئەمەوی و عەبباسیدا هەیە و ناکرێ لەوان داببڕێنرێن. ئەوەی بە بیری هەزاران بینەری "تێرۆر وەک خۆی"ی کوردستان تیڤی و یەک لەوانیش خۆمدا دێت ئەوەیە: بۆ ئەم دانپێدانانە و پێشاندانە هەروا و بێ باسکردنی ئەسڵی مەسەلەکە و ڕەگوڕیشەی و دەسپێکی شتەکان و مێژووی ڕێکخراوەکە یا ڕێکخراوەکانیان دەخرێنە بەرچاوی بینەران؟ بۆ کاتێک ئەو خەڵکانەی ڕفێندراون و کوژراون و سەربڕاون و لەتوپەت کراون، هەر ئەودەمی و گەرماوگەرم میدیاکانی کوردستان باسیان لێوە نەکردوون و خەڵکیان لێیان ئاگادار نەکردووەتەوە و خەڵک پێیانی نەزانیوە؟ بۆ کە کوڕی خەڵک و کچی خەڵک ڕفێندراون و زۆرگێ کراون و کوژراون، خاوەنەکانیان نەیانکردووە بە هەرا و ڕۆژی خۆیان و شتەکان هەروا بە بێدەنگیی ماونەوە؟ ئەمانەی ئێستا لەسەر تەلەڤزیۆن ئەو قسانە دەکەن، هەمووان خاوەنی ژن و منداڵ و خێزان و باوک و دایک و خزم و خوێشن و خەڵک لە گەڕەکەکانداماڵیان دەناسنەوە و هەریەکەیان نێوی سەدان لە کەسوکاریی خۆیان پیس دەکەن، کە بە ڕاستی ژن و منداڵیی ئەوانە چ تاوانێکیان نییە، چاکتر نەبوو لە بری پێشاندانیان و باسکردنی وردەکارییەکانی، کە کردوویانن، تەنێ نێوەکانیان ئاشکرا کرابا و وێنەکانیان پێشان درابا و ئەم درێژدادڕییەی ئێستایان تەنێ بۆ ئاساییش خۆی بووایە و لەبری ئەوانە بینەر لە ڕەگوڕیشە و مێژوو و پێوەند و کار و ئایدیۆلۆژیای ئەو دەستە و گرۆیانە ئاگادار کرابایەوە؟ بۆ باسی هۆکار و پاڵپێوەنەرانی ئەم گرۆیە ناکەن و پێوەندیان بە گرۆیەکانی دیکەوە ئاشکرا ناکەن؟ ئایا بەرپرسانی کوردستان تیڤی پێیانوانییە، کە پێشاندانی ئەم تاوانبارانە و بەم شێوەیەی ئێستایان، بە پێشاندان سەربڕین و پارچەپارچەکردنی لەش و خۆڕووتکردنەوە و یەکدی گایین، کە هەر لە فیلمی سێکسیدا پێشان دەدرێن، کار دەکاتە سەر باری ڕەوانیی و دەروونی بینەران و بە تایبەت منداڵان، کە ئەوانیش تەماشای دەکەن؟ لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەسگا سیخوڕییەکان دەتوانن گرۆ و کۆمەڵە و دەستە تێرۆریست و نهێنییەکان بسمن و بچنە نێویانەوە و هەموو نهێنی و وردەکارییەکیان بزانن، کەچی ئەم

دەستەیەی شێخ زانا توانیویانە بچنە نێو ئاسایش و پۆلیسەوە و ببن بە کەسانێک لەوان، ئایا ئەمە لاوازیی ئاسایش و پۆلیسی کوردستان پێشان نادات؟ و دەیان ئایا و بۆی دیکەش!!!  لە دواییدا ئەو پرسیارەی لە مێشکی مندا قوت دەبێتەوە ئەوەیە، ئایا هیچ شتێک لەم جیهانەدا ئەوە دەهێنێت، کە مرۆڤ هەروا لە خۆڕا و بۆ خۆشیی یا لەبەر جیاوازیی بیرورا و دید و بۆچوون یا بە هۆی نەگونجان و پێکنەهاتنەوە، مرۆڤێکی بێتاوان و بێگوناهی لە سەر بکوژێت و گیانێک لەبەین ببات، ئیدی چ مرۆڤ بێت یا گیانلەبەرێکی دیکە، لە کاتێکدا کە بۆ خۆی ناتوانێت و پێی ناکرێت و لەباریدا نییە، نەک مرۆڤ، بەڵکە مێرووله و مێشوولەیەکیش بئافرێنێت! ئەمەی شێخ زانا و نموونەکانی وەک وی ئەنجامی دەدەن، ڕاستیی تیۆرییەکەی باکۆنین دەسەلەمێنێت، کە مێژووی مرۆڤایەتیی هەر بەڕاستیی تا ئێستا، تەنێ ڕەوتێکی خێرا و کوشتن و لەتلەتکردنێکی خوێناویی میلیۆنان مرۆڤی هەژار بووە، لەپێناو یەکێک لە ئابستراکتە بێبەزەییەکاندا.

2005-7-16